# چاو لە دونیا بکەن بە بێ سۆشیالیزم چی لێ هاتووە !!

سەردار عەبدوڵا حەمە
serdarabdulla@hotmail.com

سەرنج بدەن بزانن بەربەیەتی سەرمایەداری و دەوڵەت و سەرکردەکانی چ سیناریۆکی رەشیان تووشی کۆمەڵگای بەشەری ئەمرۆ کردوە ، سیناریۆیەک پڕ لە تراجیدیا و مەئەساتی جەرگ بڕ پڕ لە تاوان و پڕ لە کۆشت و بڕ . سیناریۆک پڕلە برسیەتی و لەگرانی و بێکاری و بێ مافی . پر لە چەوساندنەوەی جۆراوجۆر . سیناریۆیەک پڕ لە شەڕ و هەڕەشەو پەلاماری سەربازی و پێشیل کردنی حورمەت و کەرامەتی ئینسان ، سیناریۆک پڕ لە کۆنەپەرستی و زیندوو بوونەوەی دواکەوتوو ترین بیر وڕاکانی سەدەکانی ناوەراست ، پر لە ستەمی ئینسانەکان لە سەر بنەمای نەژادی ومیللی و دینی و تایفی و جینسی و رەنگی پێست . بەرێوە بەرانی ئەم سیناریۆ ڕەشانە بەردەوام لە رێگای میدیا و راگەیاندنەکانیەوە ئەمە بە دیموکراتی و ئازادی و مافی مرۆڤ نیشان دەدەن . فریوکاریەکانیان بە بەشەریەت ئەفرۆشنەوە دەڵین تەنها ئێمەین پارێزەری مافی ئینسان . وە بەردەوام ئەو ژەهرە هەلدەرێژن کە کۆمۆنیزم و سۆشیالیزم کۆن بووە و باوی نەماوە و بەکەڵکی ئینسانی ئەم سەردەمە نایەت .

زۆر لێکۆڵینەوەی سیاسی و زانستی پێویست نیە بۆ ئەوەی دەرکەوێ کە چەندە دیعایە کانی سەرانی رەنگاو رەنگی ئەم نەزمی سەرمایەداریە راستە یا درۆیە تەنها بە چاو خشاندنێک بە رووداوەکانی ئەمرۆی دۆنیا و هەلو مەرجێک کە کۆمەلگای بەشەری ئەمرۆ تێ ی کەوتوە بەسە بۆ سەلماندنی ئەوەی دۆنیا لە نەبوونی دەسەڵاتی سۆشیالیزم وکۆمۆنیزمدا لە ژێر سایەی حوکمی رەشی سەرمایەداریدا بە کوێ گەیشتووە . چاو لە ئەفریقا بکەن رۆژ نیە هەزاران کەس کە زۆربەی منالّن لە بەر برسیەتی یا نەخۆشی ئایدز گیان لە دەست نەدەن ، چاو لە ئەمریکا و هاوپەیمانانی بکەن عێراقیان داگیر کردووە ئەم کۆمەلگایان نوقمی دەریای خوێن کردوە و رێگایان خۆش کردووە ئیسلامی سیاسی وەک قۆتبێکی تری دژی بەشەری دەرکەوێ و تا پێکەوە زیاتر و زیاتر ئاگر بەردەنە کۆمەلگا و ڕووخانی هەموو ژێرخانە ئابوری و مەدەنی و خزمەتگوزاریەکان . ئەمەریکا وا بە نیازە کۆمەلگای ئێرانێش بە دەردەکەی عێراق و سۆمال ئەفغانستان ببات قەتل و عامی خەلکی بێ گوناە بکا .

چاو لە رژێمی فاشیستی تورکیا بکەن چۆن دەستی داوەتە ملهوری کردن لە ژێر ناوی لە ناوبردنی تیرۆر کە گوایا پ ک ک سەرچاوەی تیرۆریزمە وە وا ئیدیعا دەکا تورکیا رژێمێکی ئاشتی خوازە و دژی تیرۆرە ئیتر وا دەزانێ کەس بە کوشتنی بە هەزارەها کەس لەخەلکی ئەرمەنی و کورد و کۆمۆنیستەکان و ئازادیخوازازانی تورکیا نازانێ کە بە دەستی ئەم رژێمە لە ناوچوون . یا سەیری فەلەستین بکەن بزانن چۆن فاشیستەکانی ئیسرایل دەست پارێزی لە کوشتنی منالّی ناو بێشکە ناکەن وەیا باڵەکانی ئیسلامی سیاسی چۆن شەمەندەفەر و پاسەکان و دوکانەکان بە بێ بەزەییانە دەتەقێننەوە سەدان کەسی بێ گۆناە دەبنە قوربانی .

چاو خشاندنێ بەسە بەو کۆمەڵگایانەی کە لە ژێر سایەی حوکمی ئیسلام و قورئاندا بە رێوە دەبرێن سەرەتایترین مافی ئینسان نیە ، ئازادی قەدەغەیە ، ئەوەشی داوای بکا زیندان و پەتی سێدارە و کوشتن و بەردە باران چارەنوسی دەبێ . هیچ کەس نیە نەزانێ لە ئێرانی ئیسلامی سەدان هەزار کەس ئیعدام کراوە یا ژنان بە بەردباران بە مەرگ ئەسپێردرێن .یا لە سعودیە دەستی ئینسان دەبرنەوە یا بە قامچی لە ژێر پێ ی ژنان دەدرێ ئەگەر لە ژێر عەباوە قاچیّان دەرکەوێ ئەمانە وەحشیگەری سەردەمی هەر ئەمرۆن نەک هەزارو پێنج سەد ساڵ پێش .

چاو لە رژێمەکانی سەرمایەداری دەولەتی بکەن کە هێشتا بەرگی کۆمۆنیزم لە خۆیان داناکەنن بە حوکمەکەیان دەڵێن

سۆشیالیست کەچی کاری بە کرێ و تاقەت پروکێن بۆ کرێکاران و مژینی شیلەی گیانیان هاوری ی ژیانیانە ، ئازادی نیە خەلک لەوێدا ئیعدام دەکرێ و بە کۆمەڵ لە ناو دەبرێ وەک ئەوەی لە وولاتی چین و ڤیەتنام و کوباو کۆریای باکووردا دەبینرێ یا دەبیسترێ .

یا چاوێ بخشێنن بە ولاتانی غەربدا چۆن ماڵتی کالچاریزم( فرە کەڵتوری ) برەوی پێ دەدرێ لە ژێر ناوی ئازادی کەلچەرەکاندا ژن کوشتن پەرەی سەندووە ، یا چۆن لە ژێرسایەی حوکمی دیموکراتیاندا و هەر رۆژە زیاتر هێرش دەکرێتە سەر دەسکەوتە ئابوری و خزمەت گوزاریەکانی بەشەر ومافی نیشتەجێ بوونی خەلکی ئاوارە ، ئەوە جگە لە سەهمی سەرەکی ئەم وولاتانە لە سازکردنی ئەو سیناریۆی شەر و هێرش و پەلامارە سەربازیانەی دەکرێتە سەر کۆمەلگاکانی تر..

چاوێ بخشێنن بە عێراق و کوردستاندا بزانن چی ئەگوزەرێ لەوێدا. شارەکانی عێراق بوونەتە گۆماوی خوێن ،هەموو لایەکان بەر بوونەتە یەکتر و بەر بوونەتە گیان و ژیانی خەلکی بێ گوناە . ئیسلامیەکان بە تەقینەوەکانیان و ئەمریکا بە هیلوکۆپتەر و سەربازەکانی بە کۆمەل خەلک قەتلو عام دەکەن . یا لە کورستان هەڤدە سالە خەلک کارەبای نیە . خزمەتگوزاریەکانی ئینسان نیە ، ئینسانەکانی ئەم کۆمەلگایە بە دەستی شەری ناوخۆ و بە دەست گرانی و بێکاری نالاندویانە هاواریان لێ هەستاوە مافی ئەوەیان نیە داوای ژیان و کار و ئازادی بکەن دەنا چارەنوسیان فراندن و تیرۆر کردن و زیندانی کردنە . بەرد بارانی ژن و سوتاندنیان و یا بێ بەشکردنیان لە مافی ئینسانی خۆیان دیاردەی ئەمرۆیە، منالان چ لە مالەوە یا لە قوتابخانە هیچ مافێکی ئینسانی خۆیان نیە. لاوان و گەنجان مەحرومن لە مافە سەرەتایەکانی خۆیان..هەموو کەس ناتوانێ قسەی دلی خۆی بکات.لەم کۆمەلگایەشدا خەلک ئیعدام دەکرێ ، لەم کۆمەلگایەی ژێر دەسەلاتی سەرمایەداریدا بەشێکی کەم لە ئینسانەکان دەولەمەندن و ئەکسریەتی کۆمەڵگاش لە هەژاریدا ژیان بە سەر دەبەن ، ئەم کۆمەلگایە هەر رۆژ لە بەردەم هەرەشەی هێرشی ئێران یا تورکیا و ناسیۆنالیزمی عەرەبدایە.

ئەمانەو نمونە ی زۆرتر هەن نیشانی بدەن کە سەرمایەداری چی بە بەشەر دەکا چ بەڵایەکی بە دیاری هێناوە بۆی چۆن بەربەریەتی کردوەتە رەفتاری خۆی .ئەمە لە غیابی دەسەلاتی سۆشیالیزمدایە .ئەگەر سۆشیالیزم لە دەسەلاتدا بێ هیچ ئاسەوارێکی ئەم سیناریۆ رەشانە ناهێلێ . هیچ کەس و وولات و حوکمێ ناتوانێ هەرەشەی سەربازی بکا و ژیان و مال و حالی خەلک بخاتە ژێر مەترسیەوە،و داگیر کردنی ئەم وولات و ئەو ولات نامێنی شەر و تیرۆر و تەقاندنەدوە نامێنێ. هەموو کەس لە ژێر سایەی ئاسایشدا دەژین و سەلامەتی ئینسانەکان دەپارێزرێ. ئەگەر سۆشیالیزم حاکم بێ ئینسانەکان برسی نابن ، بێکار نابن ، گرانی نامێنێ هەر کەس بە ئەندازەی کاری خۆی بەهرەمەند دەبێ لە ژیان .بەرهەمی کۆمەلگا بۆ هەموو کۆمەلگا دەبێ .ئەگەر سۆشیالیزم حاکم بێ هەموو کەس ئازاد و یەکسان دەبن لە تەواوی مافە ئابوری و کۆمەلایەتی و سیاسی و فەرهەنگیاندا، هەموو کەس ئازاد دەبێ لە دەربرینی بیرورای خۆی لە هەلبژاردنی عەقیدەی خۆی دینی هەبێ یا نەیبێ ،هیچ کەس بە هیچ بیانوویەک ئیعدام ناکرێ . لە یەک دێردا سۆشیالیزم واتە بزووتنەوەی گێرانەوەی ئیرادەی ئینسان بۆ خۆی هەروەک مەنسور حیکمەت دەلێت.کەواتە با هەموو پێکەوە ئەم شیعارە لە سەر دیواری مالەکان و هەموو شوێنێ بنووسین ولە نارەزایەتیەکانماندا بەرز رای بگرین ؛ (( یا سۆشیالیزم یا بەربەریەت ))...